تێکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# ٢١ی خەرمانان، بیرەوەریی شەهادەتی کاک سەید عەبدولکەریم حسینی و هاورێیانی

بابەشێخ حسینی







شەو درەنگە و ئەنگوستەچاو، ئەستێرەکان لە کاروانێکی پێشمەرگە دەروانن کە قەتاری بەستوەو هەنگاو هەڵ دەگرن لە نێوان مۆڵگە و قەرارگاکانی دژمندا.

ئەوانە کێن کە نان و ئاو و خەویان لە خۆیان حەرام کردوە و حەسانەوەیان نیە، بە سەرما و گەرما، بە رۆژ و شەو لە حەستەمترین کاتدا، بۆ ئامانجی بەرز، بۆ ئازادی، هەموو هەوراز و پێ دەشتێك، هەموو لێرەوارێك دەپێون و چاونەترسانە هەنگاو هەڵ دەگرن؟

سەرقافڵەی ئەو کاروانە کێیە؟ پێشرەوی ئەو رۆڵە دڵ پڕ لە هیوایانە. کاك عەبدوالکەریم، حسینی خۆشەویستی پیاو و ژنی کوردستان، خۆشەویستی منالآنی کوردستانە خۆراگر و نەبەز و قارەمانی چاو نەترسە.

بەڵێ ئەو لاوە خێر لە خۆ نەدیو و ئازار چێشتوە تەنیا و تەنیا حەز و هیوای ئازادی نیشتمان و گەلەکەی و سەرکەوتنی سازمانە خۆشەویستەکەی بوو. ئای لەو شەوە پڕ لە ئازارە، لەو چارەنووسە خەماویە، کەس نیە پێ یان بڵێ دژمن داوی شاراوەی بۆ داناون، کێ هەیە پێ یان بڵێ مەرۆن، مەرگ چاوەڕێ تانە لەو مانگەشەوەدا، ئەوەی نەدەبوو روو بدا، رووی دا، لە چرکەیێکدا دەڵێ فەرماندەی لێوەشاوەو سەرکردەی مەیدانی جەنگ و نەبەرد و خۆراگریی کاك سەیید عەبدوالکەریم حسینی و هەڤاڵانی کاك صالح رەسووڵی و کاك خەلیل پاشایی لە کەمینی دژمن و مەیدانی مینی دژمن دا لە لێ دان کەوتن و شەهید بوون.

باس و نووسینی بیرەوەری شەهید سەختە، ئەو شەهیدانەی دڵیان پڕ بوو لە خۆزگە، بەراستی گران ترین کاتەکانی ژیان ئەو کاتانەیە کە بیردەکەمەوە، و لە خۆم دەپرسم کوان، هاورێیانی دێرین. کوان ئەوانەی شەو و رۆژانی سەختمان پێکەوە بە سەر برد.

بێ گومان ئەگەر ئازادی نیشتمان، ئازادی گەل، بەربەرەکانێی ستەم و چەوسانەوە، حەق نەبوایە، حەستەم بوو کۆستی لە دەستدانی چاکترین و بەنرخترین رۆڵەکانی نیشتمان، هاوبیران و رفێقانی خۆشەویست، برایان و ئازیزانی هەمیشە لە یاد و کەم وێنە، تەحمول بکرایە.

ئای برایانی شیرینم کاك عەبدوالکەریم، کاك صالح، کاك خەلیل، ئەگەر ئێوە، لە ناومان رۆیشتن بە جەستە بەڵام بیرەوەریتان، و کرداری شۆرشگێڕانەتان بۆ ئێمە وەك چۆڵە چرای رێگای تێکۆشان لە پێناو ئازادی درەوشاوەیە، قارەمانی و نەبەزیەکانتان لە مەیدانەکانی نەبەردا بۆ ئێمە هەوێنی خەبات و کۆڵ نەدانە، فەرماندەیی و لێهاتوویی کاك عەبدولکەریم، چالاکی و نەبەزیی لە مەیدانی نەبەردا، ئەو ترسەی خستبویە دڵی دژمنەوە، لە کۆڕی یاراندا، لە کۆڕی هاونیشتمانان دا بەردەوام باس دەکرێ. کێ هەیە، باسی نەکا، چۆن پێگەکان و هێز و ستوونەکانی دژمن لە جێ جێی کوردستان بە فەرماندەیی کاك عەبدولکەریم و بە هاورێیی و هاورێبازانی شەهیدی لە ناو دەچوون.

بەڵێ ئەم کاروانەی بە راوەستاوی و خۆراگری سەربەرزانە ماوەتەوە و درێژە بە رێگای پیرۆزی دەدا، لە ئیمانی پتەو و فیداکاری و خوێنی شەهیدان و ئەوین و خۆشەویستی ی هاوباوەڕان بە ئازادی و رزگاریە، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشە سەندن و بەرەوپێش چووندایە.

گومان نیە، رێبازێك رۆڵەی نمونەی وەك کاك عەبدولکەریم حسینی و کاك صالح رەسووڵی و کاك خەلیل پاشایی و، مامۆستا سەید خەلیل و مامۆستا ئارام، کاك تەها سوور، کاك حسین کەریمی، کاك تۆفیق کەریم پوور، کاك خەلیل رەشاش، کاك عەبدواڵە هەمزە، کاك خەلیل خۆش کەلام، کاك عەتا سنەیی، کاك رەحمان قادری، کاك شاخەوان و دەیان شەهیدی نمونەیی لە سەر رژابێ، تا سەرکەوتن و رزگاری بەردەوام دەبێ.

لە ٢١ی خەرمانان رۆژی شەهادەتی، کاك عەبدولکەریم و کاك خەلیل پاشایی و کاك صالح رەسووڵی، ماتەم دامان دەگرێ، فرمێسك لە چاومان قەتەیس دەمێنێ، لە هەمان کاتدا، هومێدەکانمان بە ئازادی و رزگاری و بەرەو پێش چوونی جووڵانەوەی رزگاری خوازی کورد و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران زیاتر دەبێ، چونکە قارەمانانی بەنرخ و کەم وێنە لە پێناویاندا شەهید بوون.

## درێژەی ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانیش ئێران لەسەر ساڵی نوێ ی خوێندنی ١٣٨٦ ـ ١٣٨٧

چاوقونجاندن لە بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەدیر لە کوردستان ناڕاستەوخۆ هەوڵ دەدەن فەساد و ئیعتیاد زیاتر کوردستان بگرێتەوە و لاوان تووشی ئەو دەردە ماڵ وێرانکەرانە بکەن. بەڵێ ئەوەی لە دەسەڵاتداری ئاخوندی دەبیندرێ، ستەم و بێ عەداڵەتی ی و دژایەتی زانستی سەردەمیانە و پێش کەوتووە و بە تایبەت ئەو نەوعە سیاسەتە بەرانبەر بە خوێندکاران و دانشجویانی خۆڕاگر و دژ بەستەم بە ئاشکرا دەبیندرێ. خوێندکارانی هێژا، مامۆستایانی تێکۆشەر!

هومێدەوارین سەرەڕای بوونی ئەو گشتە کێشەو کۆسپانەی کە دەسەلاتداری ئاخوندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەیخاتە سەر ڕێگەتان، بتوانن ساڵی نوێ ی خوێندن بەسەرکەوتوویی کۆتای پێ بێنن لە ساڵی نوێ ی خوێندندا هەروەك ساڵانی ڕابردوو لەبەر بەرەکانی و خەبات بەرانبەر ستەم و چەوسانەوە و بێ عەداڵەتی دەسەڵاتی ئاخوندی ڕاوەستن و وەك هەمیشە دەوری بەرچاوتان هەبێ لە جولانەوە ناڕەزایەتیەکان لە بەرانبەر دەسەڵاتی ملهوڕی ولایەتی فەقیەدا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

***

## لە شاریکەندی بۆکان قوتابخانەیێك دەکرێتە بنکەی بەسیج

بە پێی ئەو هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتوون، هێزەکانی بەسیجی سوپای پاسداران لە ناوچەی بۆکان لە حەوتووی بە ناو (دفاع مقدس) دا، تەنیا قوتابخانەی کچانی دێی شاریکەندی بۆکانیان کردوە بە بنکەی بەسیج، خەڵکی دێی شاری کەند و دێهاتەکانی دەورووبەر لە بەرانبەر ئەم کردەوەی هێزەکانی سوپای پاسداران دا نارەزایەتیان دەربڕیوە و لە بەرانبەریشدا هێزە داگیرکەرەکانی رژیمی ئاخوندیش فشاریان بۆ خەڵك هێناوە تا دەس لە نارەزایەتی خۆیان هەڵگرن.

***

## کوژرانی فەرماندەییێکی هێزە سەرکوتگەرەکانی ئینتزامی لە ناوچەی بانە

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە ناوچەی بانەوە بە دەستمان گەیشتوون، لە چەند رۆژی ڕابردوودا لە ناوچەی بانە فەرماندەیێکی هێزی سەرکوتگەری ئینتزامی بە پلەی سەرگورد کوژرا، ئەم سەرگردەی هێزی سەرکوتگەری ئینتزامی کە بۆ چەتەیی چبوە دەرەوەی شار لە نێوان سلێمان بەگ و کۆخی شێخ الئیسلامی دەکەوێتە بەر ماشین و دەکوژرێ.

***

# بشێوی لە ڕیزی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە مەسڵەحەتی کێ یە؟

سیامەند

کاتێك کە خومەینی دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرت و ڕژیمێکی مەزهەبی ی ووشکی دامەزراند و ڕێگەی لە هەر نەوعە بیرێکی جیاواز گرت و هەر پێشنیهادێکی باشی، بە هەڵوێستی دژمنانە دەزانی و ئەوەی زمانی ڕەخنەی کردەوە درایە بەر هێرش و زیندانی کراوکەوتە بەر ئازار. بە کورتی ئەوەی بە هەموو بڕیار و هەڵوێست و کردەوەییێکی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و خومەینی ڕازی نەبوایە، دەکەوتە بەر هەڕەشە و ئازارو ئیعدام، یا دەبوو ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی نهێنی و چەکدارانە بگرێتە بەر. خومەینی و دەسەڵاتەکەی بە ئاشکرا ڕایانگەیاند ئەوەی لەگەڵ ئیمە نیە دەبێ لەناوبچێ و هەموو لایەن و دەستەییێکی سیاسی ی بە خەیانەتکار و دژی ئینقلاب ناو دەبرد. ڕژیمی ئاخوندی بۆ سەپاندنی حوکمی ناڕەوای لە سەرانسەری ئێران، هەل و مەرجی سەرکوت و ئازاری ئازادیخوازانی پەیرەوکرد. هیچ دەستەو لایەنێك نەپارێزرا مەگەر ئەوانەی بە خومەینیان دەگوت ئیمامی گەورە و فەرزانەی ئینقلاب. دیارە ئەوانیش لە دوای هێور بوونەوەی وەزع و کەڵك وەرگرتنی ڕژیم لێیان، کەوتنە بەر هێرش و لە جیات پاداشی خزمەتەکانیان بە ئینقلاب و خومەینی، بە توندترین شێوە کەوتنە بەر هێرش (وەك حیزبی تودە و چریکەکانی ئەکسەریەت). خومەینی و دەوڵەتەکەی بە پشت بەستن بەهەستی مەزهەبی ی خەڵکی شیعەی ساویلکە و بە پڕوپاگەندەی خراپ لەسەر موخالفان و تاوانبار کردنیان بە دژی ئینقلاب و پیاوی بیگانە لەلایەك ڕیزی خۆی و بەرەی خۆی ئاوەدان کرد، لەلاییێکی دیکە بە هێرشی بەردەوام و سەرکوتی بێ بەزییانە ئەوەی زمانی موخالفەتی دەگێڕا هەوڵی لە ناوبردنی داو لە مەیدان دەری کرد. بەرەی ئازادی خواز و موخالفی دیکتاتۆری وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بەناچاری ڕێگەی خەباتی چەکدارانەی گرتەبەر، چونکە بێجگە لەوە ڕێگەییێکی دیکە نەمابوو. خەباتی چەکدارانە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی و تەبلیغاتی کارێك بوو بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیم بتوانن لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستن تا بەڵکوو دەسەڵاتداری ئاخوندی ناچار بکەن لە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی دەست هەڵگرێ و ڕێگە بە بیر جیاوازیش بدا بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن و خاوەن بەش بن لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریدا. ڕژیم هیچ ڕێگەییێکی بۆ بۆچوون وبیرە جیاکان نەهێشتبۆوە. خۆ ئەگەر دەستەیێك ڕێ پێوان یان تەزاهوراتێکیان بەڕەخنە لە دەسەڵات وەڕێ خستایە بێ سێ و دوو دەکەوتنە بەر پەلاماری هێزی سەرکوتگەر و هەر لەناو خیابانەکاندا دادگایی دەکران و گوللە باران دەکران. جێگەی داخە سەرەڕای ئەو گشتە توندوتیژی و بێ ڕەحمیەی ڕژیم بەرانبەر ئازادیخوازان و جەماوەر، جولانەوەی ئازادیخوازی لە بەرانبەر ڕژیمی خومەینی دا هەر لە سەرەتاوە بە هەڵەو شپرزەیی و لێك بلاوی کاری دەکرد و دەرۆیشت هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری و کوردستانی لە جیات ئەوەی ڕێگەی هاوکاری و یەکییێتی و تەبایی بگرنەبەر و پێکەوە بەرەییێکی پتەو تۆکمە لە بەرانبەر ئەو ڕژیمەدا پێك بێنن، هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بەربەرەکانی لە بەرانبەرئەو ڕژیمەدا، هەرلایەنە بە ئاهەنگ و شێوە کارکردێکی تایبەت بەخۆی کاری کرد. تا زۆری پێ نەچوو وەزعی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی شێواوتر بوو، وردە وردە ناکۆکیەکان لە سەر هەڵوێست و سەلیقەی جیا، زیاتر بوون و لایەنە سیاسیەکان لە جیات ئەوەی هەموو تواناکان لە بەرانبەر ئاخوندەکاندا بەکاربهێنن لە بەرامبەریەکدا بە کارمان هێنان. بەداخەوە لولەی چەکەکان کرانە یەك و نوکی قەڵەمەکان لەسەر کاغەز بەدژایەتی یەکتر کەوتنەکار و ئەو ووتارو بابەتانەی کە هەمووی دەبوو ڕژیم و ئاخوندان بگرێتەوە، بەشی هەرە زۆریان لە دژایەتی یەکتر نوسران و خوێندرانەوە. هەر ئەو دیاردە دزێوە وای کرد ڕژیمی ئاخوندی لە هەل کەڵك وەرگرێ و هێرشی تەبلیغاتی و نیزامی زیاتر بۆ سەر بنکەو ناوەندەکانی هێزولایەنە سیاسیەکان لە سەرانسەری ئێران توندتر بکاو بە ورەییێکی تر لە ڕابردوو مەبەستەکانی بهێنێتەجێ ولە ڕاستیشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەگەر بەکاتیش بێ. ئەوەی لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ کۆچی خۆری بەدواوە لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە تایبەت و جولانەوەی سەراسەری ڕوی دا هەڵەی گەورە بوون کە زیانەکان و شوێنەوارە خراپەکانی ئەو هەڵانە تا ئێستاش هەرماون و ئەو نەوعە بیر کردنەوەو شێوەکار کردنە زاڵە بەسەر جوڵانەوەی ئازادیخوازی سەراسەری ئێران و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دا بەتایبەت. جێگەی داخە نەك ئەوەی لەو گشتە نەیامەتی و پەرت و بڵاویە ڕابردووە دەرس وەرنەگیراوە، بە ڵکو ئیستا ناکۆکی قوڵتر و لێك بڵاو بوون بەرینترو مەترسیدارترە لە دەیەی ٦٠. جەماوەری کوردستان شاهیدن ئەگەر لە ڕابردوودا ناکۆکی و دژایەتی لە نێوان دوو هێز یان چەند هێزی باوەڕ جیاوازدا بوو، ئیستا بە شێوەییێکی زۆر مەترسیدارتر ناکۆکیەکان و کێشەکان لە نێوان هاوباوەڕان و هاوسەنگەران دابەرچاو دەکەوێ. ئەگەر لە ڕابردوودا دژمنایەتی لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسیەکان دا هەبوو، ئەمڕۆ لەناو ڕیزی حیزبە هاوفیکرەکاندا قوڵترین ناکۆکی هەیە، کە ئەو دیاردەیە هەڕەشەیە بۆ سەر دەستکەوتە سەرەتاییەکانی کورد لە ماوەی ٢٨ساڵ بەربەرەکانی لە بەرانبەر ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی دا. پێویست نیە تاوانبارو بێ تاوانی ئەو دیاردە زیانبارانە دەست نیشان بکرێ، چونکە ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و بە داخەوە گوێ بەگلەو ڕەخنە نادرێ و گوێ بۆ دلسۆزان ناگیرێ. ئەوەی بەهێزی دژمن و بە پیلانەکانی ئەنجام نەدەدران، بەداخەوە بە دەستی خۆمان و بە هەڵەکانی خۆمان ئەنجامان دا. کەی کۆتایی بەو دیاردە دزێو خراپانە دێت؟ کەی بیرلە چارەنووسی گەل و خوێنی شەهیدان دەکرێتەوە؟ کەی مەبەستی سەرەکی کە خەباتی هەمەلایەنە لە بەرانبەر ڕژیمی ئاخوندی بۆ رووخانی ئەو ڕژیمەیە، دەکرێتە ئەرك و کاری بنەڕەتی تێکڕایی؟ بێ گومان تا بشێوی و ناکۆکی و هەستی خۆپەرستی و خۆبینی لە ئەندامانی جولانەوەی ڕزگاری خوازی دا ببیندرێ و کۆتایی بە ناکۆکی و کێشەکان نەهێندرێ، پێش کەوتن و بەرەو پێش چوونی جولانەوە لە بەرانبەر ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندیدا بەدی ناکرێ و تەنیا دژمنیش لەو وەزعە و لەودیاردانە کەڵك وەردەگرێ.